# من به پاڵدانەوەوە خواردن ناخۆم

له ئەبی جوحەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بووم وبە پیاوێکی فەرموو: «من بە پاڵدانەوەوە خواردن ناخۆم».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

له فەرموودەیەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە لە سونەت وئادابی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەبووە کە بە پاڵدانەوەوە خواردن وخوادرنەوە بخوات، وپاڵدانەوە مەبەست لێی ئەوەیە کە لەسەر باڵێکی (قۆڵێکی) لەسەر سەرینێک یان شتێکی تر ڕابکشێت وبە دەستەکەی تری خواردن وخواردنەوە بخوات، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- خۆی بە دوور دەگرت لە خواردن وخواردنەوە بەم شێوەیە چونکە ئەم شێوازی دانیشتن وڕاکشانە هۆکاری ئەوەیە خواردن زۆر بخورێت ولاشە قورس ببێت وچالاکی لاشە نەمێنێت، وهەروەها گەلێک زیانی هەیە بۆ لاشە ئەگەر خواردن بەم شێوەیە بخورێت چونکە ڕێڕەوی خواردنەکە بەرەو گەدە ڕێک نیە بەڵکو لارە بۆیە بە شێوەیەی سروشتی وئاسایی خواردن وخواردنەوە ناگات بە گەدە وئەمیش هۆکاری زیانە بۆ سەر لاشە، وهەروەها خواردن وخواردنەوە بەم شێوازە نیشانەیە بۆ خۆبەگەورەزانین وپێچەوانەی سادە بوونە -تواضع-ە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58119

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee